# بەرزاییەکانی ئەزمڕ، بەرزاییەکانی وەزەرینگ[1]

نەزەند بەگیخانی



پێشکەشە بە " تۆ "

من ئەوم
کاترین
رۆحانیەتی ژنێکی عاشق
لە بەرزاییەکانی وەزەرینگەوە
دەدەمە شەقەی باڵ
لە لووتکە نەسرەوتەکانی ئەزمڕ
لە باوەشی هیثکلیف ئارام دەگرم

من وەرزێکم پڕ لە زریکەی زریان
لە زەمەنێکی ناوەخت هەڵمکرد
لەسەر گردە نیگەرانەکانی ئەزمڕ
من هەورە تریشقەم
دەشریخێنم
من دەمێکە لە ناخی ئەو خاکە شپرزەیە هەڵکشاوم
چەشنی بروسکە
بەرەو بەرزاییەکانی وەزەرینگ
پانتایی عەشقێکی پڕ لە گێژاو

من ئەوم
زارۆکێکی زیتەڵ
لە بەرزاییەکانی وەزەرینگ

16. "بەرزاییەکانی وەزەرینگ" ناونیشانی تاکە رۆمانی ژنە رۆماننوسی ئینگلیز، ئێمیلی برۆنتی یە (1847). وەزەرینگ شوێنێکە لە یۆرکشیەر و لە زمانی ناوچەکە واتای "زریان" دەگەیەنێ. کاترین و هیثکلیف دوو پاڵەوانی سەرەکی و عاشقی یەکترین.

له وەرزی تۆفانەوە دێم و
له بەرزاییەکانی ئەزمڕ
گوێ له حەیرانی ئەو خاکە دەگرم
وەک بوومەلەرزە
من رادەچڵەکێم
جەستەی چیا بە قودرەتی تاسەی من دەجووڵێ
تۆ کڕووزانەوەی دڵی ئەم بەردانە نابیستی؟
هەڵبزرکانی رەنگی ئەم تاڵە گیایانە نابینی؟
رۆحانیەتی ژنێکی عاشق
من ئەوم
له بەرزاییەکانی وەزەرینگەوە دێم
دەستی هیثکلیف دەگرم و
پەنجەرەیەک دەکەمەوە
کە دەمێکە لەسەر حەسرەتەکانی رۆژهەڵات داخراوە

من ئەوم
رۆحانیەتی ژنێکی عاشق
له فەزای نێوان وەزەرینگ و ئەزمڕ
دەدەمە شەقەی باڵ
من بەفڕین ئاماژەکانی پێکنەگەییشتنی ئەو دوو تەنە دەنووسمەوە
تەنی نووری رۆژهەڵات و
تەنی فزووڵیەتی رۆژئاوا

من ئەوم
ئەوەتا دەستەکانم لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ سەوز بوون
لەوێ من پێشوازی لە هیثکلیف دەکەم
پەنجەکانم وەک مۆم دادەگیرسێن
تەماشام نیگای خۆڵ رۆشن دەکاتەوە
من تارمایی عاشقێکم
له نێوان دوو پانتایی
گوزەر دەکەم

---

[2]. ئێدگار لینتن هاوسەری کاترینه.

له سپێدەکانی رۆژهەڵاتەوە هەڵدێم
لەبەر دەرگای خوداکان
دەبمە درەختێک لە تیشک
له رۆژئاواش
له ناو ژووری خەڵوەت
له پشت هەنگاوە هەمیشەییەکانی تەنهایی
من بەخۆم دەگەم

من ئەوم
گزنگێکی رێحانی لە سەر پەرچەمی با
له هەڵکشانمدا لە نێوان وەزەرینگ و ئەزمڕ
من دەبمە شینەشاهۆ
دەدەمە شەقەی باڵ
ئەی هیثکلیف
تۆ بیابانێکی پڕ لە گەردەلولی حەسرەت
چاوەڕوانی فڕینم بکە
لە بەرزاییەکانی ئەوێ
من دێم و
له پەنجەرەی کۆشکێکی قرمزیەوە
دەستەکانم درێژ دەکەم
چەشنی ئەسحابە
لەسەر رووخسارت بەدوای جارانی خۆمدا دەگەڕێم
لەسەر رووخسارم بەدوای خۆتدا دەگەڕێی
من لە باخچە هەمیشە بەئاگاکانی ئێرەوە
دێمە ناو ژووری سووتانی تۆ
لە کەنارەکانت رادەکشێم
جەستەت پڕە لە بۆنی منداڵی من
جەستەم پڕە لە ئازاری رۆژهەڵات
ئاوێنەیەک پڕ لە تەماشای کچ و کوڕە قەرەجەکان
ئێمە جەستەمان پڕە لە چرپەی لێکدابڕان

ئەوە منم

رۆحانیەتی ژنێکی عاشق
لە نێوان داکشانی بەرزاییەکانی رۆژهەڵات و
هەڵکشانی نشێوییەکانی رۆژئاوا
من گڕێکی نوورانیم
بەرزاییەکانی ئەزمڕ پڕن لە رەشەبا
لە هاواری هیثکلیف
وەزەرینگ - یش پڕە لە زەنگوڵی عەشق
ئێدگار لینتن[2] لە ناوەوەڕا دەگریا
منیش گزنگێکی رێحانی لەسەر پەرچەمی با
لە ئاسمانی بەرزاییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا
حزورێکی هەمیشەیی نادیارم
پڕم لە هێما
هێمای ئیشراق لە سەر خاکێکی نائارام

من ئەوم
لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ دێمەوە
گزنگێکی رێحانی
لە خەڵوەتگای وەزەرینگ من زیکر دەکەم
تەنێکی تەنکم
نیوەم هی ئێرەیە و
نیوەکەی دیکەم هی ئەوێ
من نە لەوێ پڕم
نە لێرە کامڵ
لەسەر رووبەری ئەو تێکەڵنەبوونە
سەرگوزەشتەیەک دەمنووسێتەوە
عاشقێکم لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ و وەزەرینگدا
بەدوای ئاوێتەبوونی دوو رۆحدا وێڵم
حزوری هەمیشەیی پیاوێکی نادیار
من بە دوای رۆحانیەتی تۆدا دەدەمە شەقەی باڵ

کاڤەرشام. هاوینی2007